

# خەمی دابەزینی شەحنی باتریت نەبێت

بۆ گەشت و سەیران چوویتە سەر رووبارێك، دامێنی چیایەك و یان ناو دارستانێك. لەناكاو لەو كاتەی كە پەیوەندییەكت بۆ دێت شەحنی مۆبایلەكەت دادەبەزێ، كارەباش نییە كە مۆبایلەكەت شەحن بكەیەوە. لەكاتێكی وادا رەنگە باشترین چارەسەر ئەو شەحنكەرەوە تایبەتە بێت. شەحنكەرەوەی جۆری Power P40، دەتوانێت مۆبایل، كامێرا، تەبلێتەكان شەحن بكاتەوە. دەكرێت بە هەر شەحن كردنەوەیەك دوو هەتا سێ جار مۆبایلەكەتان شەحن بكاتەوە، هەروەها شاشەیەكی جۆری LEDیشی هەیە كە بەهۆیەوە دەزانرێت چەندە مۆبایلەكە شەحن بۆتەوە.



# فڵچەی ددانیش بە مۆبایل پەیوەند دەدرێت!

ئایـا مرۆڤ بەرەو رۆبۆت بـوون دەڕوات و داهاتـوو وای لێدێت كە تەنانەت خۆی فڵچەیەكیش لە ددانی نەدات و گۆرەوی و پێڵاوەكانیشـی ببن بە دیجیتالی و خۆیان سایزەكەیان بگۆڕدرێت و خۆشیان پاك بكرێنەوە، بۆ نموونە فڵچە دیجیتالییەكەی كۆمپانیای oral-B كە لەگەڵ مۆبایلە هۆشـمەندەكان لە پەیوەندیدا دەبێت و لە رێگای ئەوانەوە پێشنیار بە خاوەنەكەی دەكرێت كە چۆن ددانەكانی فڵچە لێبدات.

ئەم فڵچە نوێیە بلوتوسـی هەیە و زانیاری سـەبارەت بە شێوازی فڵچەلێدانەكـە بـۆ مۆبایلە ژیرەكە دەنێرێـت، پرۆگرامێكی تایبەتیش لەسەر مۆبایلەكە هەیە كە تایبەت بە شێوازی دروستی فڵچە لە ددان دان.



# بە ئاسانترین شێواز سوود لە كۆمپیوتەر وەربگرە

قەدبڕ، لابر بەو رێگایانە دەگوترێن كە زۆر زووتر لە رێگەی سـەرەكی دەتگەیەننە مەبەسـت، ئەم قەدبڕ و لابرانە لە جیهانی كۆمپیوتەردا پێی دەگوترێت shortcut، "شۆرت كەت" ئاسانكاری زۆر لە كردنەوەی پرۆگرامەكان لە كوژاندنەوە و هەڵكردنەوەی كۆمپیوتەر لەو فەرمانانەی لە كۆمپیوتەردا ئەنجامیان دەدەی دەكەن. بۆ نموونە بۆ كردنەوەی پرۆگرامی word پێویست ناكات حەتمەن دەبێ كلیك لەسەر پرۆگرامەكە بكەی، بەڵكو بە دوگمەیەك پرۆگرامەكە بكرێتەوە چەندە ئاسانترە. یان بۆ نموونە نیازتە هەموو رۆژێك ئیمێڵەكەت بكەیەوە، بۆ كردنەوەی ئیمێل دەبێت ئیمێل و پاسۆردەكەت بنووسی، بەڵام ئەگەر شۆرتكەتێك هەبێت تەنیا بە دوگمەیەك كە پێشتر بۆت داناوە ئیمێڵەكەت دەكرێتەوە.

پرۆگرامی Perfect Hotkey بۆ چێكردنی قەدبڕ یان لابر و shortcut لە كۆمپیوتەردایە. بە سـوود وەرگرتن لەم پرۆگرامە دەتوانیت بۆ هەموو كارێكی رۆژانەت دوگمەیەك دیاری بكەی تا ئەو كارەی كە بە 20 چركە یان خولەكێك ئەنجامی دەدەی بتوانی تەنیا لەیەك چركەدا ئەنجامی بدەی، بەشێك لە كارەكانی پرۆگرامەكە ئەوانەن:

١- دانانی دەقێ لەپێشـدا تایپكراو: بۆ نموونە رسـتەیەك هەیە دەبێت رۆژانە چەندین جار بینووسی، بەڵام كە دوگمەیەكت بۆ ئەم رستەیە دیاری كرد ئیدی بە داگرتنی دوگمەكە رستەكە دەنووسرێت.

٢- كردنەوەی سـایتەكان: بۆ نموونە چەندین سایت رۆژانە سەردانیان دەكەی، بەڵام گەر دوگمەیەك هەبێت بەداگرتنی دەستبەجێ هەموو ئەو سایتانەی سەردانیان دەكەی بكرێنەوە ئەركەكە هەم خێراترە و هەم ئاسانتر.

٣- كردنەوەی بە خێرای پرۆگرامەكان: بۆ نموونە تۆ دیزاینەری و رۆژانە دەبێت فۆتۆشۆپ و ئیندزاین و word و چەند پرۆگرامێكی دیكەش بكەیەوە، بەڵام بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە تەنیا بە داگرتنی دوگمەیەك گشت پرۆگرامەكانی مەبەستت دەكرێنەوە بەكورتی پرۆگرامەكە بۆ هەموو مەبەستێك دەشێت.

# تەنكترین مۆبایل لە جیهاندا تا ئەم ڕێكەوتە

دەستەواژەكانی وەك تەنكترین، باشترین، بەهێزترین، خێراترین...تاد لە جیهانی تەكنەلۆژیای دیجیتالی سەردەمدا تەمەنیان زۆر نییە، واتە هیچ شتێك بە باشترین و خێراترین و تەنكترین و و.. بۆ هەمیشە نامێنێتەوە. هەربۆیە تا ڕێكەوتی بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە دەكرێت بڵێین تەنكترین مۆبایلی ژیرۆك مۆبایلی جۆری Gionee Elife S، كە تەنیا بارستایەكەی تەنیا 5.5 ملمە. سیستەمی بەگەڕخەری ئەم مۆبایلە جۆری Amigo OS، كە ئەویش پشتیوانی لە سیستەمی ئەندرۆید دەكات. پرۆسیسەرەكەی چوار ناوەكییە كە خێراییەكەی دەگاتە 7.1 گیگاهێرتز. كامێراكەی 13 میگاپیكسلە.

دوو گیگابایت رامەكیەتی، كامێرای پێشەوەی 5 میگاپیكسلە. شاشەكەی 5 ئینجە.



# مۆنیتۆرە نوێیەكان بە گشت پەنجەكانی دەست هەستیارن



كۆمپانیای AOC یەكێك لە كۆمپانیاكانی مەزنی مۆنیتۆرە لە جیهاندا، لەم ماوەیەدا چەند مۆنیتۆرێكی گەورەی هێنایە بەرهەم كە سایز و قەوارەكەیان 21،5 و 23،6 ئینجە. ئەو مۆنیتۆرە نوێیانە تەواو لەمسین و بە هەر دە پەنجەی دەست لە یەك كاتدا دەكرێت كاری پێبكرێت و لە راستیدا بۆ ویندۆز8 گونجاون. مۆنیتۆرەكان فول ئیچ دین و خاوەنی سپیكەر، مایكرۆفۆن و وێب كەمی تایبەتن، ئیدی بەكارهێنەر بۆ چاتكردن و گفتوگۆی دەنگ و رەنگی پێویستی بە كامێرای تایبەت نییە، چونكە سەرەڕای وێب كەم سپیكەر و مایكرۆفۆنەكەشیان تایبەتە.

مۆنیتۆرە 21 ئینجەكە بەناوی i2272Pwhut ناسراوە و ئەوەی تریان بە مۆدێلی i2472Pwhut دەناسرێت.

جگە لەوەی كە تەواو لەمسین ماوس و كیبۆردیشیان دەچێتە سەر. هەروەها دوو شوێنی HDMIشیان هەیە و لەگەڵ شوێنی كێبڵی USB و هەروەها كێبڵی D-sub كە بە ئاسانی لەگەڵ كۆمپیوتەر و تەلەڤزیۆن لە پەیوەندی دادەبن.

# خزمەتگوزارییەکی گرنگ لە مایکرۆسۆفتەوە

ئۆفیسی مایکرۆسۆفت کە کۆمەڵێك پرۆگرامی زۆر گرنگ لە خۆ دەگرێت وەك Word، excel، PowerPoint.. هەر لەسەرەتای ویندۆزەوە و بەر لە ویندۆزیش لە کۆمپیوتەردا بوونیان هەبوو، تەنانەت ساڵانی نەوەدەکان کۆمپیوتەر یانی ئەو کۆمەڵە پرۆگرامە، ئێستاشی لەگەڵدابێت رۆڵی سەرەکی لە کۆمپیوتەردا دەبینن. ئەو کۆمەڵە پرۆگرامە گۆڕانکارییەکی زۆری بە دواداهات و هەتا لە ئۆفیسی 2013دا خۆی بینییەوە، بەڵام لەم دواییەدا مایکرۆسۆفت هەوڵیدا ئەو خزمەتگوزارییە هەر بەشێوەی ئۆفلاین نەبێت، واتە هەر ئەوە نەبێت پرۆگرامەکان دابەزێینە سەر کۆمپیوتەر بگرە بکرێت سوود لەو پرۆگرامانە وەربگیرێت بەبێ ئەوەی پرۆگرامەکان لەسەر کۆمپیوتەرەکەت هەبن. خزمەتگوزارییە نوێیەکەی مایکرۆسۆفت بە OneDrive

# هارددیسک پۆرتێبڵ بەرەو 25 ترابایت



ترابایت هەتا هەنووکە بۆ کۆمپیوتەر وەك گەورەترین پێوانەی داتا دەزانرێت، هەرچەندە سەرووی ترابایتیش هەیە. ترابایت واتە 1024 گیگاباتیت...هارددیسکی پورتێبڵ کە بۆ هەڵگرتنی داتا و ئەرشیف بەڕاستی گرنگە، چونکە هەم هەڵگرتنی ئاسانە و هەم داتاکان لە هارددیسکدا کەمتر بەرەو تێکچوون دێت، هەتا ئێستا گەورەترین قەبارەی هارددیسکی پورتێبڵ لە 3 ترابایت تێنپەڕیوە، بەڵام کۆمپانیای lacie پێدەچێت بەرەو قۆناغێکی گرنگ هەنگاوی نابێت ئەویش بە داهێنانی هاردێکی پورتێبڵ کە دەتوانێت ئێستاکە پێنج ترابایت داتا لە خۆیدا خەزن بکات و لە داهاتوویەکی نزیکیشدا ئەو قەوارەیە دەبێتە 25 ترابایت. ئیدی هاردێك کە ئەم قەبارە لە داتا لە خۆیدا کۆ بکاتەوە بۆ هەمیشەیی دەبێت و پێویست بە هیچ شتێکی دیکە ناکات.

## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک



بەڕێزێك پرسیارێکی ئاراستە کردووین و دەپرسێت ئایا ویندۆز8 دوای دابەزاندن چۆن دەکرێت بە زمانی عەرەبی و ئایا زمانی کوردی لە ویندۆز8 دا هەیە؟

بەڵێ خوێنەری بەڕێز مایکرۆسۆفت لە ویندۆز8دا بە خۆشییەوە گرنگی بەزمانی کوردی داوە و وەك یەکێك لە زمانە زیندووەکانی جیهان سەیری کردووە، بۆ ئەم مەبەستە بە ئاسانی لە کۆنترۆڵ پەنالی ویندۆز8 دا لە بەشی زمانەکان واتە language زمانی ( کوردی ناوەڕاست) هەڵبژێرە و دوایی کە دەتوانی بە دوو قۆناغی تر زمانی ویندۆزەکەت بکەی بەکوردی زۆر بە ئاسانی.



ناسراوە کە شوێنی خزمەتگوزاری skyDriveی گرتۆتەوە، بەڵام کۆمەڵە تایبەتمەندییەکی دیکەی لێ زیاد کراوە. ئێستاکە بەکارهێنەر دەتوانێت سەر لە سایتی office.com بدات و بەشێوەی ئۆنلاین سوود لەو کۆمەڵە پرۆگرامە گرنگە وەربگرێت. دوای تەواوبوونی ئەرکەکانیشی دەتوانێ هەر لە سایتەکەدا خەزنی بکات.

## پرۆگرامێک ئەوەی دەیڵێی دەینووسێت




قسەکردن لەبری تایپ کردن گرنگییەکی زۆری هەیە و کارئاسانیی زۆر دەکات و چەندین گرفتیش کەم دەکاتەوە وەك هەڵەبڕی و خێرایی لە تایپکردندا و کەمبوونەوەی ئازاری پەنجەکان لەکاتی تایبدا. بۆ نووسین و تایپ کردن بە زمانی ئینگلیزی چەند پرۆگرامێك هەن، کە ئەرکیان ئەوەیە ئەوەی دەریدەبڕن بکاتە دەق. پرۆگرامی Dragon NaturallySpeaking دەکرێت بڵێین لە ریزی سەرکەوتووترین ئەو پرۆگرامانەیە کە پەیڤەکان دەکاتە دەق. پرۆگرامەکە پشتیوانی لە پرۆگرامی بە سوودی Word دەکات و بە وتەی داهێنەرانی پرۆگرامەکە دەتوانرێت دەنگی بەکارهێنەر بە وردبینی 99% بکاتە دەق.



## سایتێک بۆ هاوبەشی کردن

هاوبەش واتە (share) کردن بەو دەستەواژەیە دەگوترێت کە بتەوێ کۆمپیوتەرەکەی خۆت یان ئەو گەمەیەی کە دەیکەی یان پرۆگرامێك کە بتهەوێ لەگەڵ چەند کەس پێکەوە کاری لەسەر بکەن بکەی بە هاوبەش. زۆر پرۆگرام و شێواز و سایت هەن کە ئەم ئەرکە ئەنجام دەدەن یەکێك لەم سایتانە سایتی Screenleap بۆ نموونە نیازت هەیە مەبەستێك نیشانی هاوڕێیکەت بدەی یان بتهەوێ پێکەوە لەگەڵ یەك بابەتێك بخوێننەوە، بۆ ئەم مەبەستە ئەم سایتە بکەنەوە و بە ئاسانی قۆناغ بە قۆناغ لەگەڵی بڕۆن ئەوکات بە ئاسانی دەتوانن ئەوەی مەبەستتانە هاوبەشی بکەن.